حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە – لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( دوازدەیەمی  وێژەیی )

بەناوی خوای گەورە

بابەت: مێژوو / کات :3 کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
خولی دووەم / 2024-2023

پەنجەمۆر
A

SN: 00001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە،( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

1. لە سەردەمی ( شا ئیسماعیل ) یەکەم هێرشی سەفەوییەکان بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد لە ساڵی:
A) 1605ز   B) 1608ز   C) 1506ز   D) 1508ز

2. پارتی( خۆیبون ) ڕۆژنامەی هاواری لە ساڵی....................دەرکرد بەسەرپەرشتی....................:
A) 1931ز – عبدالرحمن بەدرخان
B) 1932ز– جەلادەت بەدرخان
C) 1933ز– قەدری جەمیل پاشا
D) 1943ز– ئەحمەد سورەییا بەدرخان

3. یەکێك بوو لەوانەی دوای گەمارۆدانیان لە ئەشکەوتێکی ناوچەی ڕێکان  شەهیدکرا:
A) ئەحمەد نادر   B) خەلیل خۆشەوی   C) محەمەد مەحمود قودسی   D) عەبدوڵڵا کرکەمویی

4. دوای ئەمانی کەریم خان بووتە حاکمی ئێران:
A)  صادق خان   B) عەلی موراد خان   C) جەعفەر خان   D) فەتح عەلی خان

5.کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە:
A) لە ( 19/ 5/ 1992ز ) حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات.
B) لە ئەنجامی جەنگی نێوان عێراق و ئێران هێزی سەربازی عێراق بە ڕێژەی ( 50٪ ) تێکشکا.
C) دەرکردنی بڕیاری ( 688 ) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەنجامی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بوو.
D) لە ( 22 ئەیلولی 1988 ) شەڕی نێوان عێراق و ئێران وەستێنرا.

6. ویلایەتی موسڵ بەهەمان شێوەی ڕێکخستنی کارگێڕی پێشووەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، پاشان کەوتە ناو چوارچێوەی سنووری عێراقی عەرەبی لە ساڵی:
A) 1922ز   B) 1923ز   C) 1924ز   D) 1926ز

7. لە ڕێکەوتننامەی ئەرزرۆمی یەکەم ماددەی................کاروباری بازرگانی بەخۆوە گرتبوو:
A) چوارەم   B) پێنجەم   C) شەشەم   D) حەوتەم

8. لە ساڵی( 1549ز ) بۆ جاری دووەم میری میرنشینی ئەردەڵان ڕاپەرینی دژی دەسەڵاتی عوسمانی بەرپاکرد، بەڵام ڕاپەرینەکە دامرکایەوە لەلایەن:
A) عوسمان پاشا   B) عەلی ڕەزا پاشا   C) مەدحەت پاشا   D) فەرهاد پاشا

9. لە کاتی گەیشتنی هێزەکانی ڕووس بۆ دەوروو پشتی خانەقین و کرماشان عەشیرەتی............... بەرگرییەکی دلێرانەیان کرد بەرامبەر لەشکری ڕوس:
A) بۆتی ( بوختی )   B) زەندی   C) شکاك   D) سەنجاوی

10. لە بەغدا ( پارتی دیموکراتی کوردستان وحیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی الشعب ) کۆمیتەیەکی سێ قۆڵیان پێکهێنا کە دروشمی خەباتی ئەو قۆناغەیان بریتی بوو لە:
A)  ڕووخانی وەزارەتی سالح جەبر
B) لابردنی پەیمانی ساڵی 1930ز
C) پووچ کردنەوەی پەیمانی پۆرتسموث
D) ( A و C ) ڕاستن

11. جوتیارانی ( هۆرین شێخان ) لە ساڵی 1953ز دژی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی ڕاپەرینیان ئەنجامدا لە:
A) دەشتی دزەیی   B) دەشتی شارەزوور   C) باکوری خانەقین   D) وارماوە

12. پورتوگاڵییەکان توانیان بە ئاسانی بگەنە کەنداوو دوورگەو بەندەرە گرنگەکانی داگیر بکەن دوای دۆزینەوەی ڕێگای (رأس الرجاء الصالح) لە ساڵی:

A) 1849 ز B) 1498 ز C) 1598 ز D) 1698ز

13. لە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی (حیزبی هیوا) بوون:

A) ئیحسان حاجی ئەحمەد و فەتاح جەبار B) ممدوح سەلیم و جەمیل پاشا

C) ئەحمەد خاسی زادە و ئیحسان نوری D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

14. دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە یەکێکە لە دیارترین ڕووداوەکانی پاش شکستی ڕاپەڕینەکەی:

A) بەدرخان پاشا B) شێخ سەعیدی پیران C) شێخ عوبەیدوڵلای نەهری D) مەلا سەلیمی بەدلیسی

15. دوای چاو پێکەوتنی مەلا سەلیمی بەدلیسی بە ژمارەیەکی زۆری شێخ و پیاوە ئاینییەکانی کورد لە شاری............ سوێندیان خوارد کار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن:

A) مەدینە B) بەدلیس C) حیجاز D) دیاربەکر

16. شەڕێك لە نێوان هێزەکانی شێخ مەحمود و لەشکری عێراق ڕوویدا لەساڵی.................لە............. کە هێزی ئاسمانی بەریتانیاو هێزەکانی (لیڤی) بەشداریانکرد:

A) 1919 ز- ئاوباریك B) 1931 ز- دەربەندی بازیان C) 1931 ز- ئاوباریك D) 1919 ز- بەردەقارەمان

17. ئەو چاکسازییانەی کە بزوتەوەی نیشتمانی داوای دەکرد لە ڕاپەڕینی ساڵی 1952ز، چونکە هەڕەشەیان لە بەرژەوەندی خۆی دارودەستەکەی دەکرد ڕەتکرایەوە لە لایەن:

A) نورالدین مەحمود B) عەبدولئیلا C) مصطفی العمري D) صالح جەبر

18. ئەنفالی ناوچەی .................. لە (7 نیسانی 1988ز تا 20 نیسانی 1988ز) بەردەوام بوو:

A) شەقڵاوە و ڕەواندوز B) دۆڵی جافایەتی C) حەوزی زێی بچووك D) گەرمیان

19. لە هەڵبژاردنی فەیسەڵ بۆ پاشایەتی عێراق، لیوای کەرکوك:

A) بەشداری نەکرد B) دژی مەلیك فەیسەڵ دەنگیان دا

C) بەمەرجی دابینکردنی مافەکانی کورد بەشداریان کرد D) بەمەرجی هەڵبژاردنێکی پاك و بێ ساختە بەشداریان کرد

20. کردنەوەی خوێندنگای سەربازی و دەریایی کە شارەزایانی فەڕەنسی وانەیان تیا دەگوتنەوە، یەکێك بوو لەکارە چاکسازییەکانی سوڵتان:

A) سەلیمی سێیەم B) مەحمودی دووەم C) عەبدولمەجیدی یەکەم D) مستەفای سێیەم

21. لیبیا بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی عوسمانی دوای دەرکردنی هێزەکانی (قەدیس یوحەننا) لە ساڵی:

A) 1574ز B) 1510ز C) 1551ز D) 1535ز

22. میر (بوداغ بەگی بابان) توانیویەتی ناوچەی .............ی لە میرنشینی سۆران بسەنێتەوە:

A) سیوەیل B) لاجان C) سەلدۆز D) شاربازێر

23. لە هاوینی ساڵی(1922ز) ناوچەکانی سمکۆی شکاك دەستیان بەسەرداگیرا بەهۆی شکسخواردنی هێزەکەی بەرامبەر سوپای ئێران لە شەڕی:

A) قاراوا B) شەرکەیازی C) مەیدان مۆریك D) ساری قامیش

24. لە ڕێگای ئەو لیژنەیەی لە قاهیرە سەرپەرشتی دەکرد .................... چەندەها یاداشت و بروسکەی بۆ هاوپەیمانان نارد لە بارەی مافەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستان:

A) شەریف پاشای خەندان B) قەدری جەمیل پاشا C) خەلیل بەدرخان D) ئەحمەد سورەییا بەدرخان

25. هێزە دەریاییەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتی(نلسون) لە نزیك ئەسکەندەرییە پەلاماری هێزەکانی فەرەنسای داو زیانێکی زۆری پێگەیاند لە شەڕی:

A) تەل ئەلکەبیر　B) ئەمبابە　C) دیو　D) ئەبی قیر

26. لە ساڵی(1937ز)................ نامەیەکی بە ناوی حکومەتی تورکیا بۆ (سەید ڕەزا) نارد و ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ دەربڕی:

A) ئالب دۆغان　B) عصمت ئەنینو　C) فە تحی بەگ　D) ئیقبال دەولەت

27. ژمارەکانی (؟ و؟) ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەرچوون:

A) (31-30)　B) (29-25)　C) (19-6)　D) (23-20)

28. مێژووی میرنشینی بابان لە ساڵی (1686ز) زیاتر ڕوون و دیارە بە تایبەتی لە سەردەمی:

A) میر بۆداغ بەگ　B) سلێمان بەبەی گەورە　C) فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە　D) مەحمود پاشای بابان

29. ئەم ڕێکەوتنامەیە توانی بۆ ماوەی نزیکەی هەشتا ساڵ جەنگ و کوشتاری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی ڕابگرێت:

A) ئەرزرۆمی یەکەم　B) زەهاو　C) ئەرزرۆمی دووەم　D) ئەماسیە

30. جوولەکە و ئەرمەن و ئاشووری و یەزیدی لە پەنای میرنشینی بادیان بە ئاشتی ژیاون لەسەردەمی:

A) شێخ بەهادین　B) میر سیف الدین　C) میر زەین الدین　D) میر حسن کوڕی سیف الدین

31. دوای یەکخستنی میرنشینەکانی دراوسێی وەك شێروان و برادۆست،میرمحەمەدی میری سۆران دەستی بە جولانەوە ڕزگاریخوازیەکەی کرد لە ساڵی:

A) 1836ز　B) 1863ز　C) 1826ز　D) 1837ز

32. لە ساڵی (1831ز) عەبدولغەنی جەمیل موفتی لە بەغدا ڕاپەڕینێکی دژی عوسمانییەکان ئەنجامدا ،هۆکاری ڕاپەڕینەکەش خراپی باری...................بوو:

A) کۆمەڵایەتی　B) ئابووری　C) سیاسی　D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

33. هەموو تایەفەکانی عەشیرەتی جاف لە (ئەیالەتی شارەزوور) بە سێ جۆرو بەشی جیاواز زەوییان هەبوو،وەکو لەوەرگا لە:

A) دەشتی شارەزوور　B) ناوچەی سنە　C) کەرکوك و گەرمیان　D) قەزای سلێمانی

34. دانانی دەستوورێك بۆ دەوڵەت کە ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی سیاسی و مەدەنی بوو بۆ هەموو هاوڵاتییەکی عوسمانی،یەکێك بوو لە کارە چاکسازییەکانی سوڵتان:

A) عەبدولعەزیز　B) عەبدولمەجیدی یەکەم　C) مەحمودی دووەم　D) عەبدولحەمیدی دووەم

35. پێشەوا (قازی محەمەد) لە ڕێ و ڕەسمێکی گەورەدا لە مەهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند لە:

A) 22ی کانوونی دووەمی 1946ز　B) 17ی کانوونی یەکەمی 1946ز

C) 22ی کانونی یەکەمی 1946ز　D) 17ی کانوونی دووەمی 1946ز

36. تێکدانی هاوسەنگی تەمەن لە نێوان گەنجی کورد و گەنجانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هۆکارێك بوو بۆ ئەنجامدانی:

A) ڕاگوێزان　B) بە عەرەب کردن　C) شاڵاوەکانی ئەنفال　D) وێرانکردنی شارو شارۆچکەو دێهات

37. لە دوای ئازادکردنی (کفری) هۆزە کوردو تورکمانەکانی ناوچەکە شاری.............. یان ئازاد کرد:

A) خانەقین　B) (قزلرابات- السعدية)　C) دوز (دوزخورماتو)　D) مەندەلی

38. وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بوو لە حکومەتەکەی عبدالکریم قاسم دوای شۆڕشی (14ی تەمووزی ساڵی 1958ز):

A) ئیحسان شێرزاد　B) بابە عەلی حەفید زادە　C) محسن دزەیی　D) صالح نەقشبەندی

3731505

39. ئیسپانییەکان لە ( خۆرئاوای عەرەبی ) شارەکانی..................یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە:

A) سەبتەو تە نجە B) تەتوان و مەلیلە C) ئەزمورو ئەسیلا D) ئەسیلاو سەبتە

40.بە پێی رێکەوتنامەی ( سایکس - بیکۆ ) ویلایەتەکانی ( ئورفەو ماردین ) کەوتە ژێر دەسەڵاتی:

A) ئیتالیا B) روسیا C) بەریتانیا D) فەرەنسا

41.لە(14ی تشرینی دووەمی 1919ز) شۆڕش دژی ئینگلیزەکان گەیشتە ناوچەکانی:

A) ئاکرێ و زێبار B) رەواندز و باڵەکایەتی C) هەریرو باتاس D) تەلعفەرو شنگال

42.کۆمەڵەی..................بڕیاریدا ( چیای ئاگری داغ )لە باکووری کوردستان بکرێتە مەڵبەندی هەڵگیرسانی شۆڕش دژی کەمالییەکان:

A) سەربەخۆیی کوردی B) تەعالی کوردستان C) عەزمی قەوی کورد D) خۆیبون

43. ویلایەتی موسڵ ( باشووری کوردستان ) حوکمێکی سەربەخۆی لێ پێك بهێنرێت و راستەوخۆ لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانییەوە بەرێوەببردرێت، یەکێك بوو لە خاڵەکانی:

A) پەیمانی ساڵی 1922 B) پەیمانی ساڵی 1930 C) کۆنگرەی قاهیرە D) کۆمەڵەی نەتەوەکان

44.( شەڕی نەسیبین ) کە لە نێوان هێزەکانی عوسمانی و هێزەکانی میسرلە ساڵی (1839ز) لە.................روویدا هێزەکانی میسر بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا تیایدا سەرکەوتن:

A) باکوری کوردستان B) رۆژ ئاوای کوردستان C) رۆژهەڵاتی کوردستان D) باشووری کوردستان

45. لە دەستکەوتەکانی کۆماری مهاباد دەرچوواندنی ژمارەیەکی زۆر بلاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی بوو ، وەك گۆڤاری:

A) هەڵاڵە B) کوردستان C) رۆژی کورد D) ژین

46. تواني هۆزەکانی ( بلباس و موکریان ) و شارەکانی ( سابلاغ و ئورمیەو مەراغە ) داگیر بکات بیخاتە سەر میرنشینی ئەردەڵان:

A) کلۆڵ بەگ B) هەلۆ خان C) مەئمون بەگ D) خان ئەحمەد خان

47.دوای کودەتاکەی (17/7/1968ز) لە لایەن بەعسییەکان گیراو دوور خرایەوە بۆ لەندەن:

A) عبدالرزاق نایف B) عبدالرحمن عارف C) عبدالسلام عارف D) عبدالوهاب شەواف

48.دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بە ناوی ( نزار ) بە زمانی کوردی یەکێك بوو لە دەستکەوتەکانی:

A) راپەڕینی ساڵی 1948ز B) راپەڕینی بەردەرکی سەرا C) راپەڕینی ساڵی 1952ز D) راپەڕینی ساڵی 1958ز

49.دامەزراندنی وەزیرێکی کورد ببێتە بەرپرسی ویلایەتی کوردستان و یاریدەدەری وەزیری کورد لەهەر وەزارەتێکی دەوڵەتدا، لە داواکارییەکانی بارزانی بوون بۆ رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی:

A) عبدالرحمن عارف B) عبدالکریم قاسم C) نوری سەعید D) عبدالسلام عارف

50. بوونی دەستەیەکی هۆشیارو رۆشنبیری کورد و گەلاڵەبوونی هەستی نەتەوایەتی کوردی و کاریگەری لەسەر زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردی، هۆکارێکی تەڤینەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو لە میرنشینی:

A) بابان B) سۆران C) بۆتان D) هەکاری

3731505